کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

*خۆپیشاندانی گاڵتەجارانەی دژی شەری کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە و شارەکانی‌تری کوردستان لەگەل بێ‌ئیعتنایی تەواوی خەلك بەرەورووبوو. ل٧

* بیکاربوونی هەزاران کەس لە کریکارانی شیلاتی جنوب ل٧

دەورەی دووهەم ژمارە ١٦٣ نیوەی ئەوەلی مانگی خاکەلێوەی ١٣٨٢ - ئاوریلی ٢٠٠٣

## شەری ئامریکا لەدژی عیراق بەرەو کوێ دەچی؟

زیاتر لە دوو حەوتوو بە سەر دەست پیکردنی هیرشی نیزامی ئامریکا و بریتانیا بۆ سەر عیراق تیپەر دەبێ. لەم پەلامارەدا کە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار سەربازی ئامریکایی و ئینگلیسی واتە زیاتر لە دوو لە سیی هیزە دەریاییی‌یەکانی ئەم دوو ولاتە بەشداری‌یان کردوە، پیشکەوتووترین و مۆدیرن ترین چەك و چۆل لە بۆمبی لیزەرەوە بگرە تا بۆمبی " الکترو موغناتیسی" و تانك و ماشینی نیزامی تەیار بە کامپیوتر و سیستمی دیجیتالی و پەیوەندی‌یە ئەلکترۆنی‌یەکان و دەیان چەکی‌تر کە تا ئیستا نەناسراون، کەلکیان لی وەردەگیری. سەرەرای ئەوانەش شەر، بە پیێ پیش بینی‌یە خۆشبینانە کانی دام و دەزگای فەرماندەیی هیزە هاوپەیمانەکان نەچۆتە پیش و لە رووخان و تیکشکاندنی ٣ رۆژەی رژیمی عیراق و ئەرتەش کە لە لایەن بوش و بلیر و وەزیرەکانی بەرگری ئەم ولاتانەوە بەلینی درا بوو، هیچ خەبەریك نیە و هیزەکانی ئامریکایی و بریتانیایی بۆ بە گژ داچونەوەی ئەرتەشی عیراق و تیك شکاندنی خۆراگری ئەوان، هیرشی زەمینی و بومبارانی هەوایی‌یان بۆ سەر شارە کان دەست پیکرد، بە جوریك کە کاربەدەستانی ئامریکایی باس لە زیاتر لە ٨ هەزار تون بومب دەکەن کە بە سەر شارەکانی عیراق دا رژاندویانە کە بیجگە لە کاول کردنی زور و قەتعی برق و ئاوو ئاکامە کانی‌تری سەرچاوە گرتوو لە شەر، هەزاران ژن و پیاو و منال و لاو بونەتە قوربانی.

لە لایەکی ترەوە هیزەکانی ئامریکایی و

بروانە لاپەرەی ٢

## سولح خوازی جمهوری ئیسلامی بۆ خەلکی کوردستان هیچ بایەخێکی نیە

لە هەل مەرجیك دا کە رۆژ لە رۆژ زیاتر ماهییەتی راستەقینەی شەری ئامریکا لە دژی عیراق روون و ئاشکرا دەبی، لەهەل و مەرجیك دا کە هەر رۆژە بۆ کۆمەلانیکی زیاتر لە خەلکی گوشە و کەناری جیهان دەردەکەوێ کە شەری ئەمپریالیستی ئامریکا لە دژی عیراق نەك بۆ لەناو بردنی تروریسمی نیو دەولەتی، نەك بۆ لە ناو بردنی چەکی بە کۆکوژ و نەك بۆ دابین کردنی مافی مروڤ و دیموکراسی بەلکو بۆ پەرەدان بە نفوزی ئەمپریالیستی خۆی و هینانە سەرکاری حکومەتیکە کە بەر لەهەموو شتیك قازانج و بەرژەوندی‌یەکانی سەرمایەداری ئامریکا لە بەرانبەر بلوکەکانی رەقیبی لە ئاستی جیهان بپاریزی، دەسەلاتی ئامریکا بەسەر زەخیرە نەوتی‌یەکانی عیراق و دواتریش ناوچەکە تەمین بکا و بزوتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکان لەدژی بی‌مافی و بۆ گەیشتن بە داخوازە رەواکانی خۆیان

بروانە لاپەرەی ٣

## ئیعترازات و خۆپیشاندان لەدژی شەر

بروانە لاپەرەی ٥




## چوونە سەری نرخی سووتەمەنی بەرادەی ١٠ دەرسەد

بەپیی پەسەندکراوی هەئیەتی وەزیران، نرخی تازەی بەنزینی ئاسایی، سووتەمەنی نیروگاکان، بەنزینی سوپر نەوتی گاز، نەوتی سپی و نەوتی کورە کە هاوکات ١٠ دەرسەد زیاد دەبێ، لە ١٦ی خاکەلیوەی ئەمساڵەوە بەریو دەچی. زیاد کردنی ئەم نرخانە بە دوای پیشنیاری ١٩ی رەشەمەی ساڵی ١٣٨١ و بە پالپشتی بەندی ٣٥ی قانونی ئەساسنامەی شیرکەتی میللی نەوتی ئیران پەسەندکراوی ساڵی ١٣٥٦ " کە پەیوەندی بە سەردەمی محەمەد رەزا شای پەهلەوی‌یەوە هەیە و بەندی "الف " تێبینی ١٢ی قانوونی بودجەی ساڵی ١٣٨٢ی تیکرای ولاّت و بەندی "ج"ی مادەی ٣ی قانونی، ئیسلامی چەند مادەیەك لە قانوونی بەرنامەی سیهەمی گەشە پیدان و چۆنیەتی بەرقەراری و وەرگرتنی مالیات و سەرجەم لایەنەکانی بەرهەم هینانی کالا،

بروانە لاپەرەی ٣

## شەری ئامریکا و ناسیونالیزمی ئیرانی

دیمەنەکانی شەری "ئازادی عیراق" لەسەر سەفحەی تلویزیونەکان و لەسەر لاپەرەی رۆژنامە و هەوالەکانی رادیۆ، هەر لەو چەند رۆژەدا بەرادەی پیویست تورەیی و بیزاری دەیان و سەدان میلیون کەس لە خەلکی جیهانی پیشکەوتووی هەلخراندوە. تەقاندنەوەی بۆمبی هیشوویی و ١٠ تونی، هاویشتنی موشەکی کرۆز و تام هاوگ بە رووی ژن و پیاو، پیر و لاو لە هەر کات و ساتیکی شەو و نیوەشەو و بە دریژایی رۆژ و کاولکردنی مال و سەرپەنای خەلکی عیراق قەرارە کە تیکرای مرۆڤایەتی بترسینێ بۆ ئەوەی خەلك مل بۆ نەزمی نوێی بووش و بالی راستی سەرەرۆی چینی سەرمایەداری ئامریکایی رابکیێشن. خەلکی جیهان لەریزی میلیونی خۆیاندا دەنگیان هەلبری کە لەبەرانبەر سەرەرۆیی و سەپاندنی هیزی نیزامی

بروانە لاپەرەی ٤

## شەری ئەمپریالیستی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی، بەتاق کەوتنەوەی زیاتر

بروانە لاپەرەی ٤

پاشماوەی لاپەڕەی ١

# شـەری ئامریکا لـەدژی عـیراق بـەرەو کـوێ دەچێ؟

بریتانیایی خەسارەتیکی گیانی کە پیشتر پیش بینی‌یان نەکرد بوو، لە پاش خۆ بە جێ هیشتوە. هیزەکانی ئامریکا ئەگـەر بـە هـوی شـەری کـەنداو، بالکان و شـەری ئەفغانسـتان توانیبویـان بـیرەوەری شـەری پـر لـە خەسـارەتی ویتنـام لـە بیر و زەینـی خـەلکی ئامریکـا پـاك بکەنـەوە و بـە پروپاگـەندەی تـەبلیغاتی کـە سـەبارەت بـە کـەلك وەگرتـن لـە تیکنولـوژی پیشکەوتوی نیزامی ورەێیـان خسـتوە، کە شەری مودیرن وەك کایەیەکی کامپیوتری بەسەر بیروڕای گشتی دا بسەپینن کە لەو شەرە دا شەرکەرە ئامریکایی‌یـەکان بـە جولاندنـی هـەر دوگمەیـەك ئامانجە نیزامیەکانی دوژمن ویران دەکەن و خۆیان سەر کەوتوو بەرەو بنکـەکانیان دەگەرینـەوە، بـەلام خەسارەتی ئامریکایی‌یەکان لەم شەرە دا ئەم پیش بینی‌یـە خۆشـبینانەیەی لەگـەل ناکـامی بـەرەو روو کرد.

دەولەتـەکانی ئامریکـا و ئینگلیس لـە راکیشـانی پشتیوانی بیروڕای گشتی لە ناو خۆی ولاتەکەیان و بیرو رای گشتی خـەلکی جیهان بۆ دیفاع لـەو شـەرە سـەرەرۆیانەیە لەگـەل شکسـت رو بـە روو بـوون، بـە جوریك کە بزوتنەوەی دژی شەر، ئەم هیرش و لەشکر کیشی‌یەی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە دژی عیراق وەك جینایەتیك لە دژی کۆمـەلگای بەشـەری حیسـاب دەکا. ئەگەر کار بە دەستانی ئامریکایی لە سەردەمی شـەری ئەفغانسـتان، هیرشی تیروریستی‌یان بۆ سـەر بورجەکانی ریکخراوی بازرگانی جیهانی و کوشتنی خـەلکی بێ تاوانیان کـردە بیـانوو و پاکانـە بـۆ رەوا بوونی هیرشی نیزامی بۆ سەر ئەفغانستان و، بیروڕای گشتی‌یان لـە ریگـای پـرو پاگـەندەوە چەواشـە کـرد و شکلیان پیداو هەڵی ئەوەیان پێ‌نەدان کە جەماوەری خەلك ئامانجی راستەقینەی ئامریکا لە هیرش بۆ سەر ئەفغانستان تی‌بگەن، بەلام ئەم جارەیان نـەیان توانـی سیاسـەتی میلتاریسـتی خۆیـان لـە بـەردە م بـیروای گشتی‌دا بە رەوا دابنین و ئیستا بزتنـەوەی دژی شـەر و بزوتنـەوی میلیونـی لـە پینـاو ئاشـتی، زوربـەی ولاتـانی جیهانی لـە ئامریکـا تـا ئوروپـا، لـە ئاسیا تـا ئامریکـای لاتین و ولاتـانی ئافریقـایی گرتوەتـە بـەر. خویندکـاران و قوتابیـان، لایـەنگرانی بزوتنـەوەکانی ژینگە پاریزی کە دژی نیزامی سەرمایەدارین و هیزە چـەپ و سوسیالیسـتەکان لـەم بزووتنەوەیـەدا بەشدارن. ئەمرو بـە بـەرینتر بونـەوەی لایـەنی کـاول کـاری ئـەم شـەرە، قـەتل و عـامی خـەلکی ئاسـایی و هەروەها سەربازانی ئامریکایی و ئینگلیسـی، لایـەنی ئینسانی دژایەتی لەگەل ئەم شەرە دیسانیش روو لە زیـاد بوونـە. ئیـتر خـەلکی ئـازادیخوازی جیـهان و بزوتنـەوەی دژی شـەر گالتـە بـە ئیدعـای پـرو پوچـی بوش و بلیر و پشتیوانانی شەر لە سـەر بنـەمای شـەر لە پیناوی لە ناو بردنی چەکی کۆمەل کوژ و شەر بە مەبەستی لە ناو بردنی تروریسمی نیو دەولـەتی و شـەر لـە پینـاو دامـەزراندنی دموکراسـی و پاراسـتنی مافـەکانی مـروڤ دەکـەن. زوربـەی هەلسـوراوان و بەریوەبـەرانی بزوتنـەوەی دژی شـەر، نـاوەروك و ئامانجەکانی ئەم شەرە دەناسن و باش دەزانن کە ئەم جارەیـان شـەر ئـەنگیزی ئامریکـا لـە عـیراق لـە چوارچیوەی هـەول دان بـۆ دابـەش کردنـی سـەر لـە نویی جیهان بە مەبەستی پەرەدان بە ناوچەکانی ژیر نفوزی سەرمایە ئەمپریالیستی‌یەکانەوە هەلگیرساوە، ئامریکا هەول دەدا جوغرافیای سیاسی روژ هـەلاتی ناوەراسـت بـە مەبەسـتی هینانـە ژیـر نفـوزی ئـەم ناوچەیە و پتەو کردنی مەوقعیەتی خۆی لە بەرامبـەر نەیارەکانی دا بگۆرێ.

دیـاری کردنـی چارەنووسـی یـەکجارەکی و روخـاندنی رژیمـی عـیراق و هینانـە سـەر کـاری دەولـەتیك کـە بەرژەوەندیـەکانی ئامریکـا لـە بەرانبـەر نفوزی دەسـەلاتە نـەیارەکانی دا بپاریزی و بزوتنـەوە کۆمەلایەتیـەکان کونـترول و رام بکـات و هـەروەها لـە خزمـەت بـە پـروژە و سیاسـەتە سـەرەکیەکانی‌تری ئامریکا لە روژهەلاتی ناوراست و جیهان دایە.

بەلام سەرەرای پیش بینی و لیکدانەوەی هەلەکانی سـتادی فـەرماندەیی هیزەکـانی ئامریکـا و خـۆش بینی‌یەکانی سەرچاوە گرتوو لەوان سەبارەت بە شەر، ئـەم شـەرە هـەتا روخـاندنی رژیمـی عـیراق دریـژەی دەبێ، چونکە لـە هـەل و مـەرجی ئیسـتای جیـهان دا، هوکاریکی چارەنووس ساز کە بتوانی پیش بە دریژە کیشانی ئەم شەرە بگری، لە ئارادا نیە.

تا ئیستا ئەرتەشی عیراق لە بە گژداچونەوە لە گەل هیرشی ئامریکا توانیویەتی ئەم ئامانجە ستراتیژیکیە تـەعقیب بکـات، کـە لـە لایەکـەوە هیرشـی زەمینـی ئامریکا پاش دەست پیکردنی شەر بە پیی ئیمکان تووشی سسـتی بکـات و خەسـارەت بـە هیزەکانیـان بگەیـەنی، لـە لایکی‌تـرەوە ریگـای نـەداوە لـە نیـو خـەلکانیك دا کـە لـە وەفادار بونیـان بەرانبـەر بـە رژیم هیچ چەشنە متمانەیەك نیە، ئەم هەستە پیك بینێ کە بە خیرایی لیك بلاو دەبی. هەر وەها لە لایـەکی تـرەوە رژیمی عیراق بە نیشان دان و بڵاو کردنەوەی دیمەنی خەسـارەت و کـارە سـاتە ئینسـانیەکانی سـەرچاوە گرتـوو لـە بومبـارانی هـەوایی یـەك لـەدوای یـەکی هیزەکانی ئامریکایی و بومباران کردنی شارەکان، لە هـەول دایـە بـە پـەرەگرتن و تونـد و تیـژ بونـەوەی بزوتنەوەی دژی شەر یارمەتی بکات و لـەم ریگایـەوە دەولـەتـەکانی پشـتیوانی شـەر بخاتـە ژیـر فشـارەوە، رژیمی عیراق لە شەریك دا کـە سـەرکەوتنی نـیزامی تیدا چاوەروان ناکری بـۆ رزگـار بـوون لـە مەترسـی روخانی یەکجارەکی، چاوی بریوەتە هوکار و فاکتورە دەرەکیەکان.

لەم بەینەدا ئەم هوکارە واتـە بزوتنـەوەی دژی شـەر کـە لـە ئارادایـە، هـەر چـەند پی‌بـەپیی تونـد و تیـژ بونـەوەی تـەبلیغاتی شـەری ئامریکـا، پـەرەی ئەسـتاندوە بـەلام ئیسـتاش نەبوەتـە هوکاریکی چارە نوس ساز کە بتوانی پیش بە دریژە کیشانی شـەر بگری. بزوتنەوەی دژی شەر ئەگەر لە دریژەی رەوتی خویدا ببیتە بەشیکی جیانـەکراوە لـە خـەباتی دژی سەرمایەداری و بچیتە مەیدانی مملمڵانیـی نـاوەندە سـەرمایەداریەکان و لـە نـاو نـاوەندی سـەنعەتی و بەرهـەم هینـانی ولاتـانی ئامریکـا و ئینگلیـس و سـەرجەم ولاتـانی پاریزەری شـەر پـەرە بسـتینی و بـە مانگرتنی کریکاری چەرخی بەرهم هینان و سـەرمایە لە کار بخات، تەنیا لەو حالەتەدایە کە دەتوانی ببیتـە هوکاریکی چارەنوس ساز بۆ پیش گرتن لـە دریـژە کیشانی شەر، هوکاریك کە لە ئاسوی کورت خایەن دا وجـودی نیـە. لـە لایـەکی‌ترەوە دژایـەتی نیـوان بەرژەوەندی ولاتانی گەورەی سەرمایەداری لە ئوروپا کە هەر لـە سـەرەتاوە موخـالیفی شـەری ئامریکـا لـە دژی عیراق بوون و ئیسـتاش خوازیـاری راوەسـتانی خیرای شەرن، بە قوناغیکی ئەوتو نەگەیشتوە کە بۆ بە گژداچونەوەی شەر ئەنگیزی ئامریکا تەواوی هیزو توانای خۆی لە پیناو راوەستانی شەر بە کار بینی، بیجگـە لەوانـەش ناسیونالیسـمی عـەرەب وەك هۆکـاریکی ناوچـەیی لـە هـیز و توانایـەکی ئـەوتو بەرخوردار نیە کە شـەر و کیشمەکیشی ئامریکـا لـە عیراق بکاتە کیشەیەکی ناوچەیی و لە ئاکام دا پیش بە دریژە کیشانی شەر لە دژی عیراق بگری.

بـە سـەرنجدان بـە تیکـرای ئـەم هوکارانـە شـەری ئامریکـا لـە دژی عـیراق هـەتا وەدەسـت هینـانی سـەرکەوتنی نـیزامی و روخـاندنی رژیمـی عـیراق دریـژەی دەبـی. بـەڵام ئـەم سـەرکەوتنە نیزامیـە و داگـیرکردنی عـیراق لـە هـەمان حـال دا بـە مانـای سەرشوری و شکستیکی سیاسی گەورە بۆ ئامریکا حسابی بۆ دەکری. ئـەم سـەرکەوتنە نـاتوانی ببیتـە مـانعی تـەریك کەوتنـەوە و رەوتـی رو بـە لاوازی و نەمانی موقعیەتی ئامریکا لە ئاستی نیو نەتەوەیی‌دا. ئامریکا ناتوانی تەنیا بە پالپشتی زل هیزی نیزامی، ریبەرایەتی خۆی بە سـەر جیـهان دا بسـەپینی، لە مەیدانی ئابوریی دا ئامریکا لەگـەل نـەیاری گـەورە و بە توانا روبەرویە کە روژ بە رۆژ زیاتر لە پیشو لـە هـەل و مـەرجیکی باشـتردا قـەرار دەگـرن بـۆ رقابـەت لەگەل ئامریکا. سەرهەلدانی بزوتنەوەی دژی شەر لە ناو جەرگەی قەیران و دژایەتیە کانی ئەو دەورەیـە دا ئـەم راسـتیە دەردەخـا کـە بزوتنـەوەی کریکـاری و سوسیالیستی دەتوانـی لـە فـەزا و هـەل و مـەرجیکی گونجاوتر بۆ پیشرەوی بەرخوردار بێ.



پاشماوەی لاپەرەی ١

## سولح خوازی کۆماری ئیسلامی ....

بخاتە ژێر کونترول، و لەهەل و مەرجیك دا کە هەر رۆژە لە زوربەی ولاتانی جیهان تەزاهورات و خۆپیشاندانی بەرین لە دژی شەر و لە دژی سیاسەتی مل هورانەی ئامریکا و بۆ بەرقەرای سولح لە لایەن سازمان و ریکخراوە غەیرە دەولەتی‌یەکان، ئیتحادیە کریکاریەکان، ریکخراوەکانی خۆیندکاران، ریکخراوی ژنان و ریکخراوە مروڤ دوستەکان بەریوە دەچی، لەهەل و مەرجیکی ئاوادایە کە رژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر دەریایەك لە رق و تورەیی و نەفرەتی کۆمەلانی خەلك دریژە بە ژیانی نگریسی خۆی دەدا، هەر جورە ریپیوان و خۆپیشاندانیکی سەر بە خۆی دژی شەری قەدەغە کردوە و لە هەل و مەرجیکی ئاوادایە کە دەیهەوی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی دژی شەر بخاتە ژیر کونترولی خۆی.

رژیمی کۆماری ئیسلامی دەیهەوی نویژی جومعەکان کە لەژیر کونترولی خۆی‌دا بەریوە دەچن بکا بە مەیدانی ئیعتراز و نارەزایەتی لە دژی شەر، رژیمی ئیسلامی دەیهەوی سولح خوازی کۆمەلانی خەلکی ئیران بخاتە خزمەت توند کردنەوەی پیچ مورەکانی دیکتاتوریەتی مەزهەبی خۆی، و خەبات و موبارزەی کۆمەلانی خەلك لە دژی شەر بە حیسابی پیشتیوانی ئەوان لە رژیمی کۆماری ئیسلامی بنوسێ و داخوازی و سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی خۆی بەناوی داخوازی خەلکی ئیران لە قەلەم دا.

ئیستا کی هەیە کە نەزانی سولح و ئاشتی و ئازادی لە جیهانی ئەمرودا پەیوەندیکی نزیکیان هەیە و لیك هەلپیکراون و لەیەك جیا ناکرینەوە. ئەم رۆژانە هەر چلون دەبینین کە ئینسانە ئازادیخوازەکان لە سەراسەری جیهان هەر رۆژە چەندین جار درۆ و دەلەسە و عەوامفریبیەکانی دەولەتان و کار بە دەستانی ئامریکا و ئینگلیس سەبارەت بە شەر بە مەبەستی دیموکراسی لەقاو دەدەن و موری باتلی لی دەدەن، هەر ئەم جورەش ئەم حەقیقەتە بە ئیسپات گەیشتوە کە دیفاعی دیکتاتورەکان و لەوانە دیفاعی دیکتاتوری مەزهەبی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە سولح و ئاشتی، دوو رویانە و عەوامفریوانەیە.

خەلکی ئازادیخوازی جیهان لە هەمان کات دا کە دژی هیرشی نیزامی ئامریکا بۆ سەر عیراقن بەلام لە هەمان حال دا لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەلکی عیراق و کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانیان پشتیوانی دەکەن. هەر بویە هات و هاواری سولح خوازانەی رژیمی کۆماری ئیسلامی دەبی لە قاو بدری، رژیمی کۆماری ئیسلامی، رژیمیك کە تییدا ئازادی بەیان و چاپەمەنی، ئازادی هەلسورانی سیاسی ئەحزاب، ئازادی پیکهینانی میتینگ و کوبونەوەی جەماوەری هیچ مانایەك نادا، رژیمیك کە هیچ چەشنە بیر و باوەریك جگە لە بیر و باوەری کون و دارزیوی مەزهەبی بە رەسمی ناناسی، رژیمیك کە پایەکانی دەسەلاتی لەسەر توند و تیژی و خەفەقان و سەرکوت و ئەشکەنجە دامەزراوە، رژیمیك کە ٨ سال شەری مال ویرانکەری بەسەر خەلکی ئیران داسەپاند، رژیمیك کە هەر ئیستاش لە گروپ و تاقمە تیروریستیەکان لە ناوچەکە و لە گوشە و کەناری جیهان پشتیوانی دەکا، رژیمیك کە کوردستانی داگیر کردوە و بە زوری سەرنیزە دەسەلاتی رەشی خۆی بە سەر خەلك دا سەپاندوە ئەو رژیمە هەر چەندە باس لە سولح و سولح خوازی بکا تەنیا تەبلیغاتیکی پوچ و عەوامفریوانەیە. کۆمەلانی خەلکی کوردستان دەبی هیچ بایەخیك بۆ سولح خوازی کۆماری ئیسلامی دانەنین.

لە هەل و مەرجی ئاستەمی جیهانی ئەمرودا، لەهەل و مەرجیك دا کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی دژی شەر و سولح خوازانە هەر دی و بەهیزتر دەبی و زیاتر پەرەدەستینی، بە جوریك کە زوربەی هەرە زوری ولاتانی جیهانی داگرتوە، کریکاران و کۆمەلانی خەلکی کوردستان دەبی لە هەولی ئەوەدا بن تا لەو هەل و مەرجە لەبارە جیهانی‌یە کەلك وەربگرن و بە شیوەی گونجاو بۆ وەری خستنی بزوتنەوەی ئازادیخوازانە و سەر بە خۆی دژی شەر تی‌بکوشن و، لەو ریگایەوە بە دەریای خروشاو و بەرینی ئەم ئینسانانە پەیوەست بن کە لەو رۆژانە دا لە بەرانبەر شەری ئیمپریالیستی ئامریکا دا کە لە ژیر دروشمی عوامفریوانەی دیفاع لە دیموکراسی و مافی مروڤ بەریوە دەچی راوەستاون و خەبات دەکەن.

*

---

پاشماوەی لاپەرەی ١

## چوونە سەری نرخی سووتەمەنی

پیشکەشکارانی خزمەتگوزاری‌یەکان و کالاً وارداتی‌یەکانیەوە، بەریوە چوە.

زیاد کردنی ١٠ دەرسەدی بەشە سەرەکیەکانی بەرهەمەکانی نەوت، بێگومان تەنیا بە حەوزە و کردەوەکانی ئەم بەندانەی سوتەمەنی و وزە پەیوندی نیە، بەلکو بە گشتی شوینەواری کۆمەلایەتی بەرین و پەرە گرتووی لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەلگادا بە دواوە دەبێ. بۆ وینە ترانسپورت و هات و چوو و راگواستن، ئیستا چ بەشیکیان پەیوەندی بە هات و چوو و راگواستنی موسافیران لە دەرەوە و ناوەوەی شار و چ ئاسمانی و دەریایی و بۆ دەروەی ولاتەوە هەبێ، خەلك قورسایی ئەم چوونە سەری نرخی ١٠ دەرسەدی‌یە، دەکەویتە سەرشانیان. چونکە خاوەنانی ئامرازەکانی ترانسپورت و حەمل و نەقل، خاوەنانی شیرکەتە موسافیریەکان، کریکارانی خۆیان بە پیی چوونە سەری نرخی سوتەمەنی، زیاتر دەکەن.

لە لایەکی‌تریشەوە بە میلیون بنەمالە لە شار و دێ لە گاز و نەوت بە مەبەستی پیداویستی‌یەکانی خۆیان کەلك وەردەگرن و یان خاوەنانی ئامرازەکانی راگواستنی شەخسی کە بە کرینی بەنزین و گازوئیل، باری قورسی ئەم ١٠ دەرسەدە دەکەویتە سەر شانیان.

هەروەها ئیشارەمان پیکرد کە ئەم زیاد کردنی قەیمەتە تەنیا پەیوەندی بە بەشەکانی نەوتەوە نیە، بەلکو تیکرای بەشەکان و حەوزە کۆمەلایەتیەکانی وەك خۆراك، پۆشاك، مەسکەن، پیداویستی‌یە ساختومانیەکان و سەرجەمی کالا سەنعەتی و کشاوەرزی‌یەکانیش دەخاتە ژیر کاریگەری خۆیەوە.

ئیستا دەکرێ ئەم پرسیارە بیتە گۆری کە دەولەت لە بەرانبەر ئەم زیاد کردنە ١٠ دەرسەدی‌یەی قیمەتەکاندا چ خزمەتگوزاری‌یەکی پیشکەش بە خەلك کردوە؟ ئایا حقوقی کارمەندان، موعەلیمان، پەرستاران، حەقدەستی کریکاران، پولی بیمەی بیکاری کە تەنیا بە ژەمارەیەکی کەم دەدری و مافەکانی خانەنشین هەر بەو رادەیە زیاد دەکرێ؟ ئایا خزمەتگوزاری گشتی بۆ خەلك لە چەشنی دابین کردنی ئاسانکاری بۆ پەرداختی بیمەی بیکاری بە بیکاران لە سەرتاسەری ولاّت، کۆنترول کردنی ئاوسانی هەوسار پچراو، جێ خستنی خۆیندنی بە خۆرایی لە تیکرای قوتابخانەکان، خزمەتگوزاری ئاسایی لە شار و دێ، دابین دەکەن کە بەمجۆرە باری قورسی ژیان لە سەرشانی خەلك کەم کەنەوە؟

بێ گومان وەلاّمی ئەم پرسیارانە مەنفی‌یە. نە تەنیا رژیمی کۆماری ئیسلامی باری قورسی هەزینەکانی ژیان لە سەرشانی خەلك و بە تایبەت کریکاران و زەحمەتکیشان و بە گشتی تویژە کەم داهاتەکان و بیکارەکان کەم ناکاتەوە، بەلکو ئەگەر دەولەت بۆ دابین کردنی بودجەی سالی ١٣٨٢ پیویستی بە زیاد کردنیکی ئەوتو هەیە، بۆ چی هەزینەکانی زیاد لە رادەبەدەری وزارەتخانەکان، دام و دەزگای گەندەڵ و بەرتیل خۆری دەولەتی، زیندانەکان، هیزە چەکدارەکان، کەرەسەی نیزامی و هیزەکانی ئیتلاعات و ئەمنیەت، جاسوسەکان و جەللاد و ئەشکەنجەگەران، مەئمورانی گەشت کە لە شەقامەکاندا دەسورینەوە و ئەمنیەت و ئاسایشی خەلکیان شیواندوە، هەزینەکانی حەوزە علمیەکان، ئایەتوللاکان و ئاخوندەکانی مفتەخور و هەزینەکانی جەریاناتی تیروریستی ئیسلامی ناوچەکان و جیهان و دەیان ناوەند و دامەزراوەی‌تری دژی خەلکی کەم ناکەنەوە. مەگەر کاری ئەو ناوەند و دام و دەزگا بێ کەلکانە تەنیا تیکدانی نەزم و ئاسایشی کۆمەلاّیەتی، سەرکوتی خەلك، شکەنجە و گرتن نیە؟ مەگەر ئەرکی ئاخوند و حوزەکانی علمیە پاراستن و پەرەپیدانی خورافاتی مەزهەبی لە نیو خەلك دا نیە؟ ئەگەر قەرارە بودجەی سالی ١٣٨٢ دابین بکرێ دەبێ بودجەی ئەم ناوەندە ئیرتجاعی و دژی خەلکیانە کەم بکریتەوە و لە ناو بچێ.

خەلکی تیکوشەر و ئازادیخوازی ئیران نابی مل بۆ قورسایی باری ئەم زیادکردنی ١٠ دەرسەدیەی قیمەتەکان رابکیشن. بەرانبەر بە تەسمیمی دەولەت و هەئیەتی وەزیران بە توندی نارەزایەتی دەرببرن. ئیعتراز و نارەزایەتی یەکگرتوانە و سازماندراو لە دژی ئەم کارە نارەوایەی هەیئەتی وەزیران ریك بخەن. ئەم زیاد کردنە دەبێ لە ریگای خوراگری و نارەزایەتی ئیوە خەلکی وشیار و ئاگا وەلامی "نا"ی پێ بدریتەوە. هیچ هویەك نیە بۆ ئەوەی کە خەلك ئەم بارە نارەوایە قەبوول بکەن. ئیران لەسەر دەریایەك سەرەوت و سامان دامەزراوە. ئیران خاوەنی سەرچاوەیەکی گەورەی نەوتە. ئەم هەموو سەروەت و سامانە خەرجی سپا و ئەرتش و کەل و پەلی نیزامی، زیندان، جەللاد و ئاخوند و جەریاناتی تیرۆریستی و کۆنەپەرەستی دەکری. بە لەناو بردنی ئەوانە بە کورت کردنەوەی دەستی ئەم جەللادانە لە سەروەت و سامانی ئەو ولاتە، هیچ پیویستی بە زیاد کردنی قیمەتەکان و سەپاندنی هەژاری و رۆژرەشی بە سەر خەلکی شەریف و ئازادیخوازی ئیران دا نیە. هەر بۆیە ئەم زیاد کردنە دەبێ لەریگای ئیعتراز و خۆراگری خەلکەوە وەلامی رەد وەربگریتەوە و دەولەت ناچار بە وەرگرتنەوەی پەسەندکراوەکەی خۆی بی و یان لانی کەم بە زیاد کردنی حەقدەستەکان و خزمەتگوزاری‌یە کۆمەلایەتیەکان ئەم زیاد کردنە بەلانی کەمی خۆی بگەیەنێ.

*

پاشماوەی لاپەرەی ١

## شەری ئامریکا و ناسیونالیزمی ئیرانی

ئامریکادا رادەوەستن و بەگژ ئەم یاغیگەرییەدا دەچنەوە. بوش و بلیر ئیمکانی هەیە بە بۆمباران و موشەك باران و کاولکردنی شوینی ژیانی خەلك، لەریگای چەك و تەقەمەنی کاولکار لە بواری نیزامییەوە بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. بەم حالەوە، نەچوونە پیشی شەر بەپیی چاوەروانیەکانی بوش و فەرماندەکانی ئەرتەشی ئامریکا و ئینگلیس و ئەو خۆراگرییانەی کە چاوەروانیان نەدەکرد، خودی ئەم سەرکەوتنە نیزامیانەی لەگەل شك و گۆمان رووبەروو کردوە. لە روانگەی سیاسییەوە بەلام هەر لە ئیستاوە شەر و توقاندنی خەلکی جیهان سەرەتاکانی شکستی شەر دەردەخا. پەرەپیدانی نەزمی نویی جیهانی و گەراندنەوەی پایەبەرزی سەرکردایەتی چینی سەرمایەداری ئامریکا و دەست و پیوەندەکانی، تامی تالی شکستەکەیان دەچیژن.

لەم کوشتارە درندانەیەدا و ئەم شانۆ ترسناکەی نیزامی کە بە پیشکەوتووترین چەك نیشانەی لەژیانی خەلکی عیراق بە مەبەستی ترساندنی تیکرای کۆمەلگای بەشەری گرتوە، ناسیونالیزمی ئیرانی خەو بە گەرانەوەی نەزمی سەلتەنەتی و تەمەدونی سنوورەکانی پر لە گەواهیر و خەیالی پر و پوچ و کۆنەپەرستانەی پاشایان و شازادەکان و سەرزەوی دیرینە و ئاهورایی لەریگای دەست دریژی کردن و بەتالان بردنی ژیان و شارستانیەتی کۆمەلگاوە دەبینن.

ناسیونالیزمی ئیرانی، لە "عالی حضرت رضا شاه دوم" بگرە هەتا مەشروتەخوازانی پیشرەوی خەت و هەروەها پاشماوەکانی جیبهەی میللی و نوینەرایەتی نیوخۆیی و دەرەوەیی ئەوان و هەتا شکست خواردوانی لایەنگری ویلایەت، تیکرا لەم کوشتار و خوین ریژییانەدا کیسەیان بۆ هەلدروە هەتا رەنگە تاران و ئیسفەهان و سنە و تەوریز و هەر سووچیکی ئەم ولاتە ئاهوراییەش رۆژیك بکەویتە ژیر بۆمب و راکیت و موشەکی دیموکراسی ئامریکا بۆ ئەوەی ئەوانە بە کورسی دەسەلاتی خۆیان و گەرانەوەی زال بوونی فەرهەنگ و سوونەتی خۆیان لەئیرانی دیرین و نیشتمانییان بگەن. لە سەرجەمی نارەزایەتیەکانی جیهانی پیشکەوتوو لەدژی کوشتاری خەلکی عیراق، ئەم عەشیرە رەنگاورەنگانە بە نهینی کەوتنە سەما و بە ئاشکرا ئارەزوویان ئەوە بوو، وە چاوەروان بوون بەلکو ئاغای بوش لە ریگای بۆمباران و موشەك و راکیت لە ئاسمان و زەوییەوە بەسەر خەلکیدا بباریني و کۆماری ئیسلامییان بۆ لەسەر کار لابەری و ئەوانە وەك هەمیشە لەریگای خوین رشتن و کودەتا و کوشتار و قەتل و عام بە دەسەلاتی بە میرات گەیشتوویان بگەن.

ئەم بنەمالەیەش بە پرروویی و روو هەلمالاوانە، لەعنەتیان کرد لەریزی میلیونی خەلکی جیهانی پیشکەوتوو لەدژی شانتاژ و سەرەرۆیی ئامریکاییەکان، کەوتنە سەما و هەلپەرکی. تیکرای ئەوانەی کە هەتا شکستی جەریانی دووی خوردادییەکان لەژیر عەبای خاتەمی بۆ خەلك سالاری ئیسلامی نیشتمانی و وت و ویژی شارستانیەتەکان سینگیان دەکوتا و هەرچی لە جانتایاندا بوو ویرای کاربەدەستانی ئەمنیەتی و پاسدار و ئیتلاعاتی و وەزیرەکانی پیشووی دەولەتی کاتی هەلبژیراوی ئیمامی کوچکردوویان ولەدژی ئازادی و سوسیالیزم راوەستان، بە بزەیەکی ریاکارانەوە لەسەر کوشتاری خەلکی عیراق، ویرای تەواوی دوکتور و موهەندیسەکانی وەك بیهنود و نوریزادە و بە هەلگرتنی ئالای ئوستورەیی خۆیان لە "اعلیحضرت"ەوە بگرە هەتا موسەدیقی گەورە بەرەو مەیدانی دیموکراسی لە ریگای بۆمباران و موشکی کرۆزەوە روالەتی کاریان گوری، بەم ئاواتە کە رۆژیك بە تیپەربوون لەسەر لاشەی خەلکی شار و ئاواییەکانی ئیران لە کردەوەیەکی وەك ئەوەی کە لەدژی خەلکی عیراق لە ئارادایە، لەریگای ئەم دیموکراسییەی جیهانی "ئازاد" و زلهیزی سەرمایە و شیرکەت و کارخانەکانی سەرمایەدارانەوە خەونی کونەپەرەستانەی میللی – سەلتەنەتی خۆیان بیتە دی. نەزمی شکست خواردوی کاروانی میللی – سەلتەنەتی– باستانی کە تایفەیەکی نائومید بو لە خزمەت بە شورشی ئیسلامییان، لەچاوەروانیدا ماونەتەوە و تەنیا هەر لەم ریگایەوە ئیمکانی هەیە کە بگەریتەوە.

شەری ئامریکا لەدژی خەلکی عیراق و سەرەرویی و میلیتاریزمی بوش و بلیر بە ئامانجی سیاسی خۆیان ناگەن و جیهان لە تاکیتك و هیرشی درندانەی نەزمی نوی ناترسێن، بەلام لە هەمان کاتیش دا خەلکی ئیران ئیجازە نادەن هەتا کەسانیکی تاقی کراو کە لەریگای شورشیکەوە، لەسەر دەسەلات وەدەر نران، بە سوار بوون بەسەر ماشینی جەنگی ئامریکا کەلك لە تورەیی و بیزاری لە کۆماری ئیسلامی وەربگرن. ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئیران لە ماوەی ئەو ٢٤ سالەی دەسەلاتدارەتیدا و بە شەر و جینایەتی خۆی ئەم دۆزەخەی بۆ خەلکی ئیران دروستکردوە، ئەوە بە مانای حەقانیەتی ناسیونالیزمی ئیرانی و ئەوانەی دەرکراون بێ کە زاهیرشای ئەفغان کە لاقی لەسەر لیواری قەبر بوو وەك ئەزمونی خۆیان، بە شاهید دەگرن. ئەوان پیش کۆماری ئیسلامیش ئیمتحانی خۆیان داوە و لە لوتکەی خەباتی خەلکدا، ئەرتەش و ساواك و دام و دەزگای بوروکراسییان بە کۆماری ئیسلامی ئەسپارد.

ناسیونالیزمی ئیرانی لە شانۆی ترس و تۆقاندنی میلیتاریزمی ئامریکا، ماهیەتی خۆیان زیاتر لە پیشوو، نیشانی خەلکدا کە ئەوە دەبی یەکیك لە دەرسەکانی خەلکی ناوچەکە بێ کە تەمەنی نەزمی نوێی جیهانی بەرەو لە ناوچوون و تەواوبوون دەروات.

*

## شەری ئەمپریالیستی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی، بە تاق کەوتنەوەی زیاتر

سەرەرای خۆپیشاندانی بە میلیونی خەلك لەئاستی جیهاندا لە دژی سیاسەتە شەرەنگیزیەکانی ئامریکا، سەرەنجام بەرەبەیانی رۆژی ٢٠ی مانگی مارسی ٢٠٠٣ شەری ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لەدژی عیراق بە هاویشتنی موشەکەکانی بەرەو بەغدا بەرەسمی دەستی پیکرد.

گالتە کردن بە بیرورای گشتی خەلکی نارازی لەلایەن ئامریکا و هاوپەیمانەکانی، بەر لەوەی کە نیشاندەری پیگە و هیزی ئەم زل هیزە ئیمپریالیستانە بێ، نیشاندەری لاوازبوونی بارودوخی پیشوی ئەم ولاتانەیە لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دا. دوای کوتایی هاتنی شەری دووهەمی جیهانی، ئامریکا لە ئاوەدان کردنەوەی ولاتانی ویران کراوی ئوروپاییدا دەوری سەرەکی گیرا، پیش شەرتی ئاوەدانکردنەوەی ئوروپای ئەوکات بەرگری کردن لە پەرەگرتنی نفوزی شورەوی پیشوو راگەیاندرا کە پیلانی مارشال راستەوخۆ لەم بارەیەوە هاتە ئاراوەو بە کردەوەش دەرهات. بارودوخی لەبار و باشتری ئامریکا دوای کۆتایی هاتنی شەری دووهەمی جیهانی لە بواری ئابوری و نیزامی ئاشکراتر لەوە بوو کە جیگای شك و گۆمان بێ. لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا ئەو ولاتە گەورانەی کە بەهۆی شەر توشی کاولکاری زۆر هاتبون توانییان ولاتەکەیان ئاوەدان بکەنەوە. ئەگەر لەبواری نیزامی، ئامریکا و شورەوی وەك بەهیزترین ولات دەهاتنە ژمار، بەجۆریك کە لەسەروی جەمسەرە دژ بە یەکەکان قەراریان دەگرت، لەبواری ئابورییەوە پیشکەوتنی ولاتانی ژاپون، ئالمان، فەرانسە و چین بارودوخی لەبار و باشتری ئابووری ئامریکایان لەگەل کۆسپ و لەمپەر بەرەورو کرد.

بەلام ئامریکا بارودوخی تیك قرماوی خۆی لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری جیهانی بەپال پشتی زل هیزی نیزامی قەرەبوو دەکاتەوە، کاریك کە لەدریژ ماوەدا دەبیتە هۆی بە تاق کەوتنەوەی زۆرتری ئەم ولاتە و هاوپەیمانەکانی. لە دوو لایە نەوە دەکری لەگەل سیاسەتی شەرخوازانەی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لەدژی عیراق بەرانبەرکی بکری.

لایەنیکی ئەم دژایەتی کردنە لەریگای بیرورای گشتی جیهانی و هەلویست گرتن و نارەزایەتی دەربرینی ریکخراوەکانی کریکاری، حیزب و ریکخراوە چەپ و پیشکەوتنخوازەکانە.

خوپیشاندانە میلیونییەکانی دژی شەر لەم دواییانەدا رەنگدانەوەیەکی کۆمەلایەتی لە دەرەوەی دەزگای دەسەلاتداریەتی ئەو ولاتانەیە لەدژی ملهوری نیزامی ئامریکا، بەلام لایەنی دووهەمی دژایەتی کردن لەگەل شەرەنگیزی ئامریکا، هەلدەگەریتەوە سەر دەولەتانیکی گەورەی وەك: ئالمان، فەرانسە و روسیە و ولاتانی عەرەبی کە نایانهەوی لەم شەرەدا هاودەستی ئامریکا بن. چونکە ئەم شەرە بۆ ولاتانی گەورەی سەرمایەداری یەکیك لە باشترین و گونجاوترین هەلەکانە بۆ ئەوەی کە هیزی خۆیان نیشان بدەن. شەری ئامریکا لەدژی عیراق ئەم هەلە بۆ سەرمایەدارانی ئوروپایی و ئاسیایی دەرەخسینی کە وەك چەمسەرەکانیتری سەرمایەداری لە جیهاندا قەد هەلبرن و بە مەبەستی دابین کردنی بەرژەوەندی خۆیان نە تەنیا لەم شەرەدا یارمەتی ئامریکا نەکەن، بەلکو بە ئاشکرا هەلویستی نەیارانەی خۆیان لەم بوارەدا دەرببرن. دژایەتی کردنی دەولەتانی گەورەی سەرمایەداری لەگەل شەری ئامریکا لەدژی عیراق دەبی لە چوارچیوەی رەقابەتی سەرمایەکان لەنیزامی سەرمایەداریدا لیك بدریتەوە، هەر چەند کە پارەسەنگی شەرەکە قورستر دەکات، بەلام هەرکات پیویستی بەرژەوەندییەکانیان بیهەوی، سیاسەتی نوێ دەگرنە بەر.

لە پشت شەری ئەمرۆی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لەدژی عیراق، چەند ئامانجیك لەئاستی جیهانیدا دیتە ئاراوە. ئامانجی یەکەم: سەقامگیر کردنی هژمونی ئامریکا لە ریگای پیك هینانی فەزای میلیتاریستی و هەلگیرساندنی شەرە مال ویرانکەرەکان و کەلك وەرگرتن لە زل هیزی نیزامی لە بارودوخی خویدا.

ئامانجی دووهەم: بردنە سەری ئاستی توانایی رقەبەرایەتی لەگەل ولاتانیتری بەهیزی سەرمایەدارییە.

ئامانجی سیهەم: هینانە سەر کاری ولاتانیك کە راستەوخۆ گریدراو بە ئامریکاوە بن، بە تایبەتی ولاتانیکی وەك عیراق کە هەم لەبواری سەرچاوە نەوتییەکانەوە ولاتیکی دەولەمەندە و هەم لەبواری ستراتیژیکی و جوغرافیاییەوە لە بارودوخیکی گونجاو و باش دا قەراری گرتوە. عیراق لە لایەکەوە دراوسیی ئیرانە و لە لایەکیتریشەوە لە دەولەتی ئیسرائیلیش زۆر دور نیە.

هینانە سەر کاری دەولەتیك لە عیراق کە راستەوخۆ گریدرابی بە دەولەتی ئامرکا لە عیراق، دەستی ئەم دەولەتە ئیمپریالیستییە لە بەهیز کردنی دەولەتی ئیسرائیل، کەلك وەرگرتنی سەداسەد لە سەرچاوە نەوتییەکانی عیراق، بە

سەرنج دان بە بونی "حامید کارزای" لە ئەفغانستان و پەرویز موشەرەف لە پاکستان و حکومەتی تورکیە وەك دوستی ئامریکا لە لایەکیترەوە، بۆ رقابەت لەگەل دەولەتانی بەهیزیتر و سەقامیگرکردنی ئامریکا لە ناوچەکە ئاوالە دەهیلیتەوە. هەر بۆیە سەرجەمی تەبلیغاتی پەیوەندیدار بە هینانی دیموکراسی بۆ خەلکی عیراق و پشتیوانی کردن لە مافەکانی خەلکی کورد لە کورستانی عیراق جیا لە ریاکاری و درۆی گەورە و بیشەرمانەی ئامریکا و راگەیەنەرە گشتییەکانی هاوپەیمانەکانی شتیکیتر نیە.

مەگەر لە دەیان شوین کە ئامریکا داگیری کردوە، چەند شوین هەیە کە ئامریکا بۆ خەلکی ئەم ولاتە دیموکراسی و ژیانی باشتری بەدیاری بۆ بردبن کە عیراق و کوردستانی عیراق ولاتی دووهەم بی.

لەم بوارەدائەگەری ئەوە هەیە کە لایەنگرانی شەر سەرنجی ئیمە بەرەو میژووی ئاوادانکردنەوەی ئوروپای ویران کرا و لە دوای شەری دووهەمی جیهانی راکیشن، کە لە بنەرەتدا ئەمە ناتوانی پیداچوونەوەیەکی جیباوەر بی. سەردەمی ئیستا لەگەل سەردەمی دوای شەری جیهانی دووهەم جیاوازی زۆری هەیە. ئامریکا بە ئامانجی خۆی لە ئاوەدانکردنەوەی ئوروپا گەیشت. هۆکاری سەرەکی ئاوەدانکردنەوەی ئوروپا دژایەتی کردن و بەرگری کردن لە نفوزی شورەوی پیشوو وەدەست هینانی هژمونی ئامریکا بوو نەك مروف دوستی تەنانەت بورژوا لیبرالەکانیش. لەشەری ئیستای ئامریکا لەدژی عیراقدا، لەقاودان و مەحکووم کردنی ئەو شەرە هیچ کات بە مانای پشتیوانی کردن لە حکومەتی عیراق نیە. بۆ تویژیکی بەربلاو لە بزووتنەوەی دژی شەر هیچ چەشنە تەوەهومیك لە ئاست سیستمی خەفەقان و سەرکوتیك کە بەسەر سەرجەمی عیراق دا زالە لە ئارادا نیە. قسە ئەوەیە کە لەم شەرەدا دەبی پشتیوانی لەو سیاسەتانە بکری کە لە قازانج و بەرژەوەندی خەلکی کریکار و زەحمەتکیشی عیراق دایە، نەك لە خزمەتی بورژوازی محەلی و نیزامیك کە لەسەر دابەش بونە قەومی و مەزهەبییەکان دامەزرابی، یا خود لە بەرژەوەندی هیزی ئیمپریالیستی ئامریکا و ئینگلیس دا بی.

ئەمە مافی سروشتی خەلکی کریکار و زەحمەتکیشی عیراقە کە لەژیر دەسەلاتی نیزامیکی دیموکراتیك و ئازاددا بژین، ئاشکراشە بۆ دیاریکردنی ئاوا نیزامیك دەبی لەمافی راستەوخۆ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەهرەمەند بن.

بەلام لەم شەرەدا بەر لەوەی کە هیزە نیزامییەکانی بەرهەلستییەك زەرەر و زیانیان لی بکەوی، ئەمە خەلکی ئاسایی عیراقە کە دەبیتە قوربانی ئامانجی ئەم شەرە ئیمپریالیستییە. ئەگەر رژیمی عیراق لە بە کاربردنی چەکی شیمیایی لەدژی خەلکی کوردستان دەستی نەپاراستووە، ئامریکاش یەکەمین ولاتیك بووە لە جیهاندا کە لەدژی خەلکی ژاپون کەلکی لە چەکی ئەتۆمی وەرگرتوە و دوو شاری ئەم ولاتەی ریکی زەوی کرد. ناکری لەدژی عیراق نارەزایەتی دەرببردری بەهۆی ئەوەی کە چەکی کوکوژی هەیە، بەلام ناوەندی سەرەکی بەرهەم هینانی ترس هینەرترین چەکە کۆ کوژەکان هەر لە ئەتومییەوە بگرە تاکو شیمیایی، کە دەولەتی ئامریکا بی لەقاونەدری و مەحکوم نەکری.

جیگا و شوین و بار ودوخیك کە ئامریکا و عیراق بو کاریگەری دانان لەسەر جیهانی دەوروبەری خویان هەیانە بە تەواوی جیاواز وشیاوی هەلسەنگاندن نیە.

دەتوانری دەولەتیعیراق تەنیا لە چوارچیوەی نیوخویی عیراق دا بدریتە بەر لیکولینەوە نەك کاریگەریەکانی لەسەر دنیای دەرەوەی ئەو ولاتە. بەلام مەترسی یەکانی ئامریکا لە ئاستی جیهانیدایە. هەلویستی عیراق لەبارودوخی ئیستادا هەلویستیکی دیفاعییە، بەلام ئامریکا لە حالی هیرش کردن دایە وبە کەلك وەرگرتن لە هیزی نیزامی، سیاسەتەکانی خوی دادەسەپینی.

مەترسی ئامریکا گەورەتر لەوەیە کە هیزە ناسیونالیستەکانی کورد بیری لی دەکەنەوە. نەهیشتنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەلکی کوردلە کوردستانی عیراق یان لە ولاتانی ئیران و تورکیە بە هیرشی نیزامی ئامریکا بوسەر عیراق نایەتە دی. ئەم شەرە لە بنەرەتدا بو ئامانجیتر هەلگیرساوە و مافەکانی خەلکی کورد ناهینیتە دی. تەنانەت دژایەتی ئامریکا لەگەل بونیادگەرا مەزهەبییەکان و ئیسلامی سیاسی کە بە هیزەکانی دژی ئیمپریالیزم نیویان دەرکردووە دژایەتییەکی روالەتیانەیە.

ئەم دوانە لە خالیکی نەك زور لیك دوریش دەکەونە سازش کردن لەگەل یەکتر. مەگەر لە ئەفغانستان دوای تالبان و لە سایەی سەری حکومەتی ئاغای کارزای، خەلکی زحمەتکیشی ئەفغانستان چ شتیکیان بە سفرەکەیان زیاد بوو بە چ ئازادییەکی دیموکراتیك گەیشتن کە ئەمروکە هەر ئەو ئارەزووە بو خەلکی عیراق وکوردستان دەخوازن؟ ریاکاری ودرو بەشیکی جیانەکراوەیە لە سیاسەتی ئامریکا کە نابی فریوی بخوری.

*

# ئیعترازات و خوپیشاندانی دژی شەر و کوشت و کوشتاری جەماوەری بیدیفاعی عیراق، لە سەرتاسەری جیهان

## ئافریقای جنوبی:

فدراسیونی ریکخراوە کریکاریەکانی ئافریقای جنوبی واتە "کوساتو" کە لەم حەوتوانەی دواییدا هەلسووراوانە دەستیان داوەتە ئیعتراز بەدژی شەر، بە دەربرینی راگەیاندنیك بە توندی شەریان مەحکوم کرد و کرین و فروشتنی چەك و چول بە بریتانیا و ئامریکایان بەشتیکی قەدەغە لە قەلەم دا.

## یونان:

کریکارانی ئەندامی شاخەی یونانی "فوروم ئیجتماعی ئوروپا" رۆژی جومعە ٢٩ی مارس لە ئاتین دەستیان دایە خۆپیشاندان. ریکخراوەی "پاسووك"یش هەر لەو رۆژەدا لە ١٣ شاری ئەو ولاتەدا ئیعلامی مانگرتنیان کرد. رۆژی جومعە ٢٩ی مارس ژمارەیەك لە ریکخراوە کریکاریەکان خۆپیشاندان و ریپیوان بەدژی شەریان راگەیاند. کریکارانی بەشی خزمەتگوزاری گشتیش لە ئیعتراز بە شەر و کوشت و کوشتاری خەلکی عیراق رۆژی پینج شەممە ٣ی ئاوریل مانگرتنیکی ٢٤ سەعاتە رادەگەیەنن. کونفدراسیونی سەراسەری کریکارانی یونانیش مانگرتنیکی ٢٤ سەعاتەیان بۆ ئەو رۆژە راگەیاندوە.

## کورەی جنوبی:

دوو ریکخراوەی گەورەی کورەی جنوبی رایانگەیاند کە هەولیکی زۆرتر دەدەن بۆ دژایەتی کردنیان لەگەل شەر. لەم ولاتە دەولەت لایەحەیەکی بۆ هیزی نیزامی بۆ پشتی جبهەی ئەم شەرە داوە بە مەجلیس. ئەم لایەحەیە شەپولیك لە نارەزایەتی دەربرینی لە سەراسەری ئەم ولاتە وەری خستووە.

کونفدراسیونی کریکاری کورەی جنوبی وتی: ئەو نوینەرانەی کە رەئی موسبەت بەم تەرحە بدەن وەك جنایەتکار دەناسی و بۆ شکستیان کەمپەیەنیك وەری دەخا.

ریکخراوی موعەلیمانی کورەی جنوبییش رایانگەیاندوە کە لەسەر کەسەکان لەدژی شەر دەرس دەلین و لەنیو خویندکاراندا شتی دژی شەر بلاو دەکەنەوە.

کریکاران هەروەها رایانگەیاندوە کە ئەگەر دەولەت هیز رەوانەی بەرەکانی شەر بکات، ئیستیحزاحی "سەروك کۆمار" دەکەن و مانگرتنی گشتی وەری دەخەن.

کونفرانسی ریکخراوەکانی مەغریب پیکهاتوو لە ریکخراوەکانی مەراکش، ئەلجەزائیر، موریتانی و لیبی لە راگەیاندنیك دا شەری ئامریکا دژی عیراقیان بە شەریکی دژی ئینسانی لە قەلەم داوە.

لە ولاتانی ئامریکای جنوبیش کریکاران دەستیان داوەتە مانگرتنی جۆراوجۆر. لە ولاتە یەکگرتوکان چەندین بەش لە کریکاران وەك پەرەستاران لە کالیفورنیا سیاسەتە شەرخوازانەکانی بوشیان مەحکوم کرد.

کریکارانی ئوستورالیا رۆژی پینج شەممە لە حالیکدا کە دروشمی دژی شەریان دەدا چونەوە سەر کارەکانیان. کریکارانی ئوستورالیا هەروەها رۆژی شەممە ٢٩ی مارس خوپیشاندانیان وەری خست و بریاریشە رۆژی ١٣ی ئاوریل خوپیشاندانیکی گەورە وەری بخەن.

## پاکستان:

زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس لەشاری "پیشاوەر"ی پاکستان بەوەری خستنی خوپیشاندانیکی بەربلاو خوازیاری کۆتایی هینانی شەر دژی عیراق بوون.

لەو کاتەوە کە شەر دەستی پیی کردوە ئەمە گەورەترین خوپیشاندان بووە کە لە پاکستان وەری خراوە.

خوپیشاندەران بەدانی دروشم و سوتاندنی ئادەمەکەکانی بوش و تونی بلیر نەفرەتی خویان لەم شەرە دەربری.

## چین:

هەر لە دریژەی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین بەدژی شەری مال ویرانکەری ئامریکا و ئینگلیس لەدژی خەلکی عیراق خەلکی شاری پکەنیش بەوەریخستنی ریپیوان و خوپیشاندانی بەربلاو خوازیاری راگرتنی دەست بەجیی ئەم شەرە خویناویە بوون.

خوپیشاندانی خەلك لەدژی شەری ئیمپریالیستی ئامریکا لەگەل کردەوەی توندوتیژی پولیس روبەروو بوو و چەندین کەسیش لە خوپیشاندەران دەستگیر کران.

لەم ولاتانەش خۆپیشاندانی بەربلاو وەری خرا.

لە رباتی پایتەختی مەراکش ٢٠٠ هەزار کەس خوپیشاندانیکی بەربلاویان وەری خست.

لە "کەلکەتە" ١٥٠ هەزار کەس خوپیشاندانیان وەری خست و چەندین پلاکاردیان بەدەستەوە بوو کە ئامریکایان وەك تروریست دەناساند.

لە قیبرس ٥ هەزار کەس نارەزایەتی‌یان لەدژی ئەم شەرە دەربری.

لە سئول ٣٠ هەزار کەس لە ری‌پیوانیکی دژی شەردا بەشداری‌یان کرد.

هەروەها لە ولاتی مالزیش خوپیشاندانی بەربلاو وەری خرا.

## ئامریکا:

سەدان هەزار کەس لەجەماوەری شاری نیویورك رۆژی شەممە بە بەدەستەوە گرتنی هەزاران پەرچەم و پلاکارد کە لە سەریان نووسرابوو، خوینی خەلك بۆ نەوت مەریژن و بە جیگای شەر کار دابین کەن لەسەر شەقامەکان دەستیان دایە خوپیشاندان. جەماوەری نیویورك لەم تەزاهوراتەدا کە سەرجەم تویژەکانی شار بە تایبەت لاوان و دانشجویان تییدا بەشدار بوون، بەدانی دروشمی دژی شەر، دژایەتی خۆیان لەگەل کردەوەکانی شەرخوازانەی جورج بوش و لایەنگرانی لەشەر بەدژی عیراق دەربری. لەناو خوپیشاندەران دا ژمارەیەك لە ئەندامانی بنەمالەکانی کارەساتی ١١ی سیپتامبریش بەشدار بوون کە بەدانی دروشمی دژی شەر، نیگەرانی خۆیان بە دژی کوشت و کوشتاری غەیرە نیزامیانی بی‌تاوان لە بەغدا و شارەکانی‌تری ئەو ولاتەدا راگەیاند. خوپیشاندەران بە بەدەستەوە گرتنی ئەو پلاکاردانەی کە بە زمانەکانی ئینگلیسی، ئیسپانیایی، کورەیی و عیبری نووسرابوون دژایەتی خۆیان لەگەل سیاسەتەکانی بوش لە عیراقدا راگەیاند و نەوتی عیراقیان بەهۆکاری سەرەکی هیرشەکانی ئامریکا ناو برد و بی‌ئیعتنایی ئامریکا بە شورای ئەمنیەتی سازمانی میلەلیان مەحکوم کرد. خوپیشاندەران هەروەها بە بەدەستەوە گرتنی کاریکاتۆرەکانی بوش و دیك چنی جیگری سەروك کۆماری و رامسفیلد وەزیری بەرگری، دەورونەقشی راستەوخۆی ئەوانیان بە کردەوەیەکی ناشیرین لە قەلەم دا.

خوپیشاندانیکی هاوشیوە لە شارەکانی میشیگان، لوسانجلیس، سانفرانسیسکۆ و شارەکانی‌تری ئامریکا بەریوە چوو. لە چەند رۆژی رابردوشدا خوپیشاندانیکی بەربلاو لە سەرجەم شارەکانی ئامریکا بەریوە چوو کە لەشاری سانفرانسیسکۆ بوو بەهۆی دەستگیری زیاتر لە ١٣٠٠ کەس.

## ئیتالیا:

لەدریژەی تەزاهوراتی دژی شەر جەماوەری شاری "ناپل" لە ئیتالیا لە رۆژی شەممەدا، کە بە بەشداری زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس بەریوە چوو، خوپیشاندەران لە بەر دەرکی پایگای نیزامی پەیمانی ئاتلانتیکی شمالی ناتۆ کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی دەربرینیان وەری‌خست. نەیارانی شەری یەك لایەنەی ئامریکا بەدژی عیراق، لە ری‌پیوانی چەند سەعاتەی خۆیاندا و هەروەها لە کۆبوونەوەی خۆیاندا لە بەر دەرکی پایگای نیزامی ناتۆ، دژی شەرخوازی دەولەتی ئامریکا دروشمیان دەدا. خوپیشاندەرانی نارازی، بە هەلگرتنی تانك و موشەکی کارتۆنی، هیرشی نیزامی واشنگتۆن بۆ بەغدا و کەلك وەرگرتن لە چەکی بەکۆمەل کوژ لەدژی خەلکی عیراقیان مەحکوم کرد.

لە سەر لەبەیانی رۆژی پینج شەممەوە کە ئامریکا شەری یەك لایەنەی خۆی لەدژی عیراق دەست پی‌کرد، سەدان هەزار کەس لە جەماوەری ١٤١ شاری ئیتالیا بە وەری‌خستنی تەزاهوراتی ئیعترازی، شەرخوازی کۆشکی سپی‌یان لە ئاستیکی نیونەتەوەیی‌دا و بەتایبەت لەئاستی عیراقدا، مەحکوم کرد.

## ئینگلیس:

شارۆمەندانی ئینگلیسی گەورەترین ری‌پیوانی دژی شەری خۆیان لە کاتی دەست پی‌کردنی هیرشی نیزامی بۆ سەر عیراق رۆژی شەممە لە خیابانەکانی لەندەن وەری‌خست. بە وتەی بەریوەبەرانی ئەو ری‌پیوانە، زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کەس بە حزور لە خیابانەکانی لەندەن، رق و توورەیی خۆیان لە ئیقدامی نیزامی ئامریکا و ئینگلیس بەدژی عیراق، راگەیاند. ئەو ری‌پیوانە بە هیمەتی نیهادی مەدەنی یەکگرتوویی دژی شەر، C.N.D گەورەترین گروپی ئاشتی خوازی بریتانیا بەهۆی حەرەکەتی بزووتنەوەی خودی خەلك تەنانەت زوتر لە کاتی دیاری کراو دەست پی‌کرا.

لەو روەوە ری‌پیوانیکی هاوشیوە چەند حەوتوو لەمەوبەر لە لەندەن و بە بەشداری دو میلیون کەس بەریوە چووبو، بەشدارانی ری‌پیوانەکەی ئەمجارە تەئکیدیان کردەوە کە کەم بوونەوەی ژمارەی بەشداران بە هۆی زۆربوونی لایەنگرانی شەر نیە. ئەوان هەروەها رایانگەیاند کە بەپیی بەربلاو بوونی حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی خەلك لە سێ رۆژی رابردوودا بەردەوام بوونی نارەزایەتیەکەی ئەوان لە شوینە جیاجیاکانی بریتانیا، بەشیکی زۆری کەم بوونەوەی ژمارەی خۆپیشاندەران لە لەندەن، بریتین لە بەشداری نارازیان لە جم و جۆلە هاوشیوەکان لە شوینی نیشتەجی بوونیان. هەروەها دەوتری کە ژمارەیەك لە نەیارانی شەر لە ئینگلیس هیشتا لەسەر ئەو باوەرەن کە نابی ئیقدامی نیزامی بەدژی عیراق بکرێ، بەلام بەهۆی دەست پی‌کردنی هیرشی نیزامی، دریژەدان بە ئیعتراز بە شتیکی بی‌ئاکام دەزانن. سەرەرای ئەوەش سوخەنرانانی ری‌پیوانەکەی ئەمجارە لە لەندەن کە بە کۆبوونەوە لە "هاید – پارك" بەو پەری خۆی گەیشتبوو، تەئکیدیان کردەوە کە هیشتا بۆ نارەزایەتی دەربرین درەنگ نیە و حەرەکەتەکانی جەماوەری سەرەرای بی‌ئیعتنایی سیاسەتمەدارانی شەرخواز، تا ئیستا کاریگەری‌یەکی بەرچاوی لە وەدواخستنی بەرنامەکانی ئەوان و تەنانەت لە گورینی ژمارەیەك لە پیلانەکانیشیان دا بوە. ئەو سوخەنرانانە کە بریتی بوون لە نوینەرانی ریکخراوە کریکاری‌یەکانی ئینگلیس، ئەندامانی حیزبی دەسەلاتداری کارگەر و بەرپرسانی نیهادە مەدەنی‌یەکان، هەروەها لەسەر دژایەتی ئیقدامی نیزامی یەك لایەنەی ئامریکا و بریتانیا لەگەل یاساکانی نیونەتەوەیی، تەئکیدیان کردەوە. ئەوان هەروەها ئامانجی سەرەکی ئەو شەرەیان بەدەست بەسەر داگرتنی سەرچاوەکانی نەوتی رۆژهەلاتی ناوەراست و پتەوتر کردنی بەرژەوەندی نامەشروعی سەرمایەدارانی رۆژئاوا لە خەلیجی فارس دا ناوبرد. یەکیك لەو سوخەنرانانە کە ئەندامی ریکخراوە کریکاری‌یەکانی ئینگلیس بوو، تەئکیدی کردەوە کە، لە چوارچیوەی قەیرانی عیراق دا روون بووە کە ژمارەیەکی کەم لە سیاسەتمەدارانی شەرخوازی رۆژئاوا لە بەرابەر خواستی زۆربەی خەلك و ئەفکاری عمومی جیهان دا راوەستاون. ناوبراو هەروەها وتی: بە پیچەوانەی ئیدیعاکانی نیزامیانی ئامریکایی و ئینگلیسی کە ئامانجی هیرشەکانی خۆیان تەنیا ناوەندی نیزامی و حکومی ناساندوە، ئەوە خەلکی بی‌تاوانی عیراقن کە بوونە نیچیری راستیەکانی شەر و سەدان هەزار کەس لە ئەوان هەر بەو هۆیە کوژران یان بریندار و ئاوارە بوون.

لە کوتایی ری‌پیوانی دژی شەر لە لەندەن کە لەژیر چاوەدیری توندی نزیکەی ٤هەزار ئەفسەری پولیس دا بەریوە چوو، نەیارانی هیرشی نیزامی بەدژی عیراق تەئکیدیان کردەوە کە حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی جەماوەری ئینگلیس هەروا دریژەی دەبی. هەروەها هاوکات لەگەل ئەو ری‌پیوانە هەزاران کەس لە خەلکی بریتانیا لە شارەکانی‌تری ئەو ولاتەدا، ری‌پیوانیکی هاوشیوەیان وەری خست.

## ئوستralیا:

زیاتر لە ١٠ هەزار کەس لە جەماوەری ئوستralیا بە حوزور لە خیابانەکانی شاری "پرس" پەیامیکیان لەسەر بەردەوام بوونی دژایەتی خەلکی ئوستralیا لەگەل شەر، بۆ حکومەتەکەی خۆیان رەوانە کرد. شەبەکەی هەوالنیری A.B.C بە بلاوکردنەوەی ئەو هەوالە نووسی: چەند پارچەیەك بە بەرزایی دوو میتر کە لە سەریان ئیمزا بۆ نیشان دانی دژایەتی لەگەل شەر بەرچاو دەکەوت، لەسەر سێ ساختومانی گرینگی شار لەوانە ساختومانی مەجلیس هەلواسرابوون. هەروەها لە بریسبانیش نزیکەی ٤ هەزار کەس بە حوزور لە یەك خیابانی شلووقی شاردا دژایەتی خۆیان لەگەل شەر دەربری. هەروەها بەپیی ئەو گوزارشە جان بیل بازرەسی پولیس رایگەیاند کە بە چوونە سەری ئیحساساتی جەماوەری، چاوەروانی ناهەنجاریە کۆمەلایەتیەکانە. ناوبراو وتی: ئەوان بەشیوەیەکی ئاشکرا دەلیلی خۆیان بۆ ئیعتراز راگەیاندوە و ئیمە لیرەین تا بزانین کە ئەو کارە بە شیوەیەکی دروست بەرەوپیش دەچی یان نا، ئیمە ئەرکی بەرەو رووبوونەوەمان لەگەل ئەوان نیە.

## ئیسپانیا:

دەیان هەزار کەس لە جەماوەری ئیسپانیا، سەر لە بەیانی رۆژی شەممە ٣٠ی مارس لە چەند شاری ئەو ولاتەدا بە وەری‌خستنی تەزاهوراتی دژی شەر، دەولەتەکانی ئامریکا و ئیسپانیایان مەحکوم کرد. ئەو تەزاهوراتانە لە شارەکانی مویل، بیلبائۆ، سانتاندیر و مالاگا بەریوە چوو. لەشاری بیلبائۆ ژمارەیەك لە تەزاهورات چیەکان بە دروشمەکانی دژی شەر و دژی دەولەتی، دژایەتی خۆیان لەگەل هیرش بۆ سەر عیراق و کوشت و کوشتاری خەلکی بی تاوان، دەربری. هەروەها ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران، بە نیشانەی یەکگرتوویی لەگەل قوربانیانی شەر، لە خیابانەکاندا لەسەر زەوی دەخەوتن و چەندین کۆتری سپی‌شیان لەو مەراسمەدا بە نیشانەی ئاشتی خوازی هەلفراند. لەشاری سانتاندریش هەزاران کەس لە خیابانەکاندا دەستیان دایە تەزاهورات و دەیانوت کە "شەر دەبی رابگیری"، "بەناوی ئیمەوە شەر رامەگەیەنن" و ئیمە هەموومان عیراقین. تەزاهوراتیکی هاوشیوەش لەشارەکانی سویل، مالاگا و هوئلوا بەریوە چوو. حیزبی سوسیالیست و حیزبی ئیتحادی ئیسپانیا، بە دەرکردنی بەیانیە، داوایان لە جەماوەری ئەو ولاتە کردوە کە لە تەزاهوراتەکان دا هەلسووراوانە بەشداری بکەن. ئەحزابی موخالیف بریاریان داوە کە ئیقداماتی خۆیان بۆ بردنە سەری فشار بۆ سەر دەولەتی ئیسپانیا بۆ کۆتایی هینان بە شەر زیاتر دەکەنەوە.

لەجەریانی دەرگیریەکی توند لەنیوان خۆپیشاندەران و پولیسی دژی شەر کە لەشاری مادرید رووی‌دا، دەیان کەس بریندار بوون کە گواسترانەوە بۆ بیمارستان. سەروکی دەولەتی راست گەرای ئیسپانیا، ئەحزابی نەیاریان بە هاندانی لاوان بە بەشداری لە تەزاهوراتی غەیرە قانوونی و دەست بردن بۆ کردەوەی توندوتیژ

تاوانبار کردوە، بەلام ریبەرانی ئەحزابی نەیار ئەو ئیتهاماتەیان رەد کردۆتەوە.

## ئوتریش:

هەزاران کەس لەخەلکی شاری "وییەن" لە رۆژی شەممەدا بەدژی هیرشی نیزامی ئامریکا بۆسەر عیراق، ریپیوانیان کرد و خوازیاری راگرتنی هەرچی زووتری شەر بوون. ژمارەی بەشدارانی ئەو ریپیوانە زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەس بوون. ئەو ریپیوانە بە هاوکاری چەند ناوەند و ریکخراوەی ئوتریشی لەوانە ریکخراوی کریکارانی ئوتریش، حیزبی سوسیال دیموکرات، حیزبی سەوز و کلیسای کاتولیك بەریوە چوو. خوپیشاندەران لە شوینە جۆراوجۆرەکانی شارەوە بەرەو ناوەندی شار وەری کەوتن. خۆپیشاندەران کە لە مەسیری سەفارەتخانەکانی ئامریکا، ئینگلیس و تورکیەوە دەگوزەران، دروشمی "گەورەترین تروریستی جیهان ئامریکایە و "شەر دەبی راگیری" لەلایەن ئەوانەوە بەرز کرایەوە. لەو ریپیوانەدا ژمارەیەك لە سیاسەتمەداران و هونەرمەندانی ئوتریش بەشدار بوون و دژایەتی خۆیان لەگەل ئەو شەرە راگەیاند. زیاتر لە هەزار کەس لە مەئمورانی پولیسی شاری وییەن بۆ راگرتنی ئارامی و بەرگری لە ئەگەری هەر چەشنە تیك هەلچونیك ئەمنیەتی ریپیوانەکەیان دابین دەکرد.

## ئیسکاندیناوی:

بەپیی گوزارشی زۆریەك لە هەوالنیرەکان سەدان هەزار کەس لە جەماوەری ئاشتی خوازی جیهان لە رۆژانی رابردوودا رژاونەتە سەر شەقامەکان و خوازیاری راگرتنی شەر بەدژی خەلکی عیراق بوون. لە زۆریەك لە ولاتانی ئیسکاندیناوی و لە شارەکانی وەك: ستوکهولم، هیلسینکی و کۆپینهاگ دەیان هەزار کەس بە رژانە سەر شەقامەکان خوازیاری راگرتنی هەرچی زووتری شەر بوون.

## ئەندونزی:

لە ئەندونزیش چەندین هەزار کەس لە بەر دەرکی سەفارەتی ئامریکا لە جاکارتا، کۆبوونەوە و چەند کەس لە ئەوان تابوتیکیان بە نیشانەی مەرگی ولاتە یەکگرتوەکان لەگەل خۆیان هەلگرتبوو.

لە داکا پایتەختی بنگلادشیش ریپیوان وەریخراوە. خۆپیشاندەران بۆ دژایەتی دەربرین لەگەل شەری ئامریکا بەدژی عیراق، ئادەمەکی جۆرج بوشیان ئاگر تیبەردا.

لە زیلاندی نەویش خۆپیشاندەران مایعیکی سووریان بە نیشانەی خۆین لە دارو دیواری سەفارەتی ئامریکا هەلساوییبوو.

## ژاپون:

لە ژاپونیش سەدان کەس لە بەر دەرکی دوو پایگای نیزامی ئامریکا کۆبوونەوە. لە ولاتانی تایوان، کورەی جنوبی، مالزی، تایلەند، هند و فەلەستین تەزاهوراتی دژی شەر بەریوە چوو.

*

# خۆپیشاندانی گالتەجارانەی دژی شەری کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە و شارەکانیتری کوردستان لەگەل بێئیعتنایی تەواوی خەلك بەرەوروو بوو.

رۆژی جومعە ٨ی خاکەلیوە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەك رۆژی ئیعتراز بە شەری ئامریکا لەدژی عیراق راگەیاندرا بوو. لە بەشیکی زوری شارەکانی ئیران خۆیشاندانی دەولەتی و بە تەواوی کۆنترول کراو و لە لایەن بەرپرسانی رژیمەوە بەریو چوو. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەولیان دا لە کوردستانیش ئەم شانۆ گالتەجارییە دەولەتییە بە پالپشتی روحیەی ئازادیخوازانە و دژی شەری خەلکی کوردستان بەرێوە بەرن. بەرنامە و دروشم و رەوتی رێپیوان و سوخەنرانەکان بە تێکرایی پیشتر لەلایەن کاربەدەستانی ئیداری و ئینتزامی رژیمەوە دیاری کرابوو. بۆ هەموو کەس ئاشکرا بوو کە کۆماری ئیسلامی ئامانجی سیاسی و ریاکارانەی لەو شانۆیە و چەواشەکردنی مەبەستی پاك و ئاشتی خوازانەی خەلکی کوردستان هەیە.

ئەمرۆ پاش ٢٤سال موبارزە و بە گژداچوونەوەی نێوان کۆماری ئیسلامی و خەلکی کوردستان، خەلکی ستەم لیکراوی کورد بە باشی رژیمی ئیسلامی و ئامانجەکانی دەناسن و هەروا بە ئاسانی فریوی پیلان و ریاکارییە کانی ناخۆن. رژیمیك کە نۆینگەی شەر و کوشتار و سەرکوتە و ئیستاش رۆژانە ئەم سیاسەتە لە دژی خەلکی کوردستان دەباتە پیش ناتوانی لایەنگری ئاشتی و ئاسایش بۆ تیکرای خەلکی جیهان بێ.

بە تیگەشتنی ئەم راستییە، خەلکی کوردستان بانگەوازی کۆماری ئیسلامییان بە مەبەستی بەشداری کردن لە خۆپیشاندانی دژی شەر لە رۆژی جومعە ٨ی خاکەلیوەدا بێ وەلام هیشتەوە و بەشدارییان نەکرد. رێ پیوانیك کە لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە لە شاری سنە بانگەوازی بۆ کرابوو، بە تەواوی خەلك خۆیان لێ پاراست. سەرەرای هەوڵ و تەقالای تەبلیغاتی بەرینی بەرپرسانی رژیم بۆ رازی کردنی خەڵك بە مەبەستی بەشداری کردن لە خۆپیشاندان دا، بەڵام حەشیمەتیکی کەمتر لە ١٥٠٠ کەس بەشداری یان کرد. زۆربەی زۆری ئەم کەسانەش دەست و پەیوەندی رژیم، هیزەکانی سپا و ئیتلاعات و لیباس شەخسییەکانی حکومەتی بوون. ئەو خۆپیشاندانە رواڵەتیە لە مزگەوتی جامعەوە دەستی پیکرد و هەتا مەیدانی ئینقلاب کە کەمتر لە ٥٠٠ میتر مەودای هەیە بۆ ماوەی ٢٠ تا ٢٥ دەقیقە دریژەی کیشا. لەم خۆیشاندانە دا کە نزیکەی ٢٠٠ تا ٣٠٠ کەس خەلکی ئاسایی بەشدارییان کردبوو، دروشم و پلاکاردی خۆیان بە دەستەوە بوو کە بەشیك لە دروشمەکانی ئەوان بە مجورە بوو "ئیمپریالیسم کوتایی بە شەر بینە" ، "دو لایەنی شەر لە دژی خەلکی هەژاری عیراقن"، ئالای سەرمایەی جیهان، شەر و خوین ریژی"، ئالای مرۆڤایەتی ئاشتی و ئازادی، پەیامی خەلکی ئیران بۆ سەربازانی دەرگیر لەم شەرەدا ئەوەیە کە: "دەستی خۆیان بە خۆینی خەلکی ئاسایی عیراق سوور نەکەن".

بێ بایەخ نیشان دانی خۆپیشاندانی رواڵەتیانەی رژیم، لە لایەن خەڵکی ئازادیخوازی سنەوە لە هەل و مەرجیکدا روو دەدا کە خەلکی ئەم شارە هەروەك زوربەی خەلکی کوردستان موخالیفی شەر و خون ریژی و لە دژی پاوانخوازی ئیمپریالیزمی ئامریکا و ئینگلستانن و شۆینی شیاوی خۆیان لەریزی میلیونی خۆپیشاندەرانی دژی شەر لە ئاستی جیهان دا دەبینن. بەڵام بە مەبەستی ئەوەی کە رژیمی شەرئەنگیزی کۆماری ئیسلامی وەك بەرەیەکی دژی شەر دەر نەکەوی، لە خۆپیشاندانی ریاکارانەی ئەم رژیمە بۆ موخالفەت لەگەل شەر بەشدارییان نەکرد.

هەروەها پێوستە بوترێ کە بانگەوازی کاربەدەستانی رژیم لە شارەکانیتری کوردستانیش لەوانە سەقز، بۆکان، مهاباد، بانە، سەردەشت، مەریوان، نەغەدە، شنۆ و زۆر شوینیتر بە تەواوی خەلك گوێیان پێ نەدا و بەشدارییان نەکرد.

خەلکی ئازادیخواز و ئاشتی خوازی کوردستان کە سالانیکە قوربانیانی سەرەکی شەر خوازی و سەرکوتی کۆماری ئیسلامین بە خۆپاراستن لە بەشداری کردن لەم شانۆ گالتەجارییەی رژیم نیشانیان دا کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئاشتی خوازی و ئینسان دوستی ئەوان لەگەل ئاشتی خوازی پر لە ریای کۆماری ئیسلامی وجودی نیە.

# بێکار بوونی هەزاران کەس لە کرێکارانی شیلاتی جنوب

شەری ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بەدژی عیراق بۆتە هۆی بێکاربوونی هەزاران کەس لە کرێکارانی شیلاتی جنوب. جێگری سەید و سەیادی شیلاتی ئوستانی خوزستان رایگەیاندوە کە بە هۆی شەڕ لە عیراق، مانگانە نزیکەی ٥٧ میلیارد ریال خەسارەت بە سەنعەتی سەیادی ئەو ئوستانە دەگا.

(عەبدولحسینی سیراج خورەمی ) رۆژی سێشەممە لە وت و ویژ لەگەل ئیرانا لە ئابادان رایگەیاند، لەو خەسارەتە ٥٥ میلیارد و٥٧٠ میلیون ریال تایبەت بە زەرەر و زیانی راستە و خۆی سەیادی و ١میلیارد و ٤٢٥ میلیون ریالیش تایبەت بە راگواستن و سەرجەم کار و بارەکانیتری سەیادییە. ناوبراو هەر وەها وتی: لەسەرەتای شەری ئامریکا و ئینگلیس بە دژی عیراق، سێ هەزار سەیادی دایمی و فەسلی دانیشتوی شاری خوزستان لە بەر ئەوەی هۆکاری ئەمنیەتی سەید و سەیادییان نەبوە بیکار بوون.

پیوستە بۆتری کە ٧٦٠ فەروەند لینج و شناوەر و ١٧٥٧ قایەقی بچوکی سەیادی لە ئوستانی خوزستان خەریکی کاروباری سەیادین.

بەمجورە جەماوەری نارازی و بێبەشی ئابادان و خورەمشەهر، بە وەرێ خستنی کۆبوونەوەیەك لەبەر دەرکی فەرمانداری ئابادان و خورەمشەهر سەبارەت بە سەرنج نەدانی رژیم بەو هەل و مەرجە ئیعترازی خۆیان دەربری.

بەپیی ئەو گوزراشانەی کە بلاو بوونەتەوە، نزیکەی ٤٠٠ بنەماڵە لە بەردەرکی فەرمانداری ئابادان و نزیکەی ١٥٠٠ بنەمالەش لە بەردەرکی فەرمانداری خورەمشەهر کۆبوونەوە و نیسبەت بە لە ئیختیار نەنانی وەسایلی ئیمەنی بە تایبەت ماسکی دژی شیمیایی و هەروەها بەرگری فەرمانداری لە کۆکردنەوەی وسائیلەکانیان بۆ چوونە دەر لە شار، ئیعترازیان کرد و بە دژی فەرمانداری و بەرپرسانی رژیمیش شیعاریان دەدا.

هەروەها دەوتری کە ٣٠ دەرسەد لە خەلکی ئابادان و خورمشەهر لە ترسی موشکەك بارانی ئامریکا و ئینگلیس، شارەکانیان جێ هێشتوون.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komala

No. 163 April - 2003

## راگەیاندنی شوورای هاوئاهەنگی "دانیشتنی هاوبەشی هیز و تیکوشەرە کۆمۆنیست و چە پەکان" سەبارەت بە هیرشی ئامریکا بۆسەر عیراق

سەر لە بەیانی رۆژی پینج شەممە ریکەوتی ٢٩ی رەشەمەی ١٣٨١ی هەتاوی هیرشی ئامریکا بۆسەر عیراق دەستی پی کرد.

هیزیکی سەرەرۆ بە پشت گوی خستنی نارەزایەتی دەربرینی بە میلیون خەلکی دنیا و بە لەژیر پی خستنی گشت ئەو یاسایانەی کە بۆ خۆی لە ریکخراوی نەتەوەیەککگرتوەکاندا پەسندی کردون دەستی داوەتە جنایەتیك کە دەتوانی ببیتە مەترسییەکی گەورە بۆسەر هەموو خەلکی دنیا.

بە پیچەوانەی هەراو هوریای پر لە دروی دام و دەزگا تەبلیغاتیەکانی ئیمپریالیستەکان بۆ بە پیچەوانە نیشان دانی راستیەکان، ئەم شەرە هەولیك نیە لە راستای دامەزراندنی دیموکراسی لە عیراق دا بەلکوو کردەوەیەکە بۆ داسەپاندنی هژمونی ئامریکا بەسەر ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست دا. شەریکە لە پیناو لادان و خستنە حاشیەی رەقیبەکانی ئامریکا لە دنیادا.

ئەم شەرە نە تەنیا ئەمرۆ گیان و ژیانی سەدان هەزار ئینسان دەکیشیتە کامی خۆیەوە، بەلکوو وەها کاردانەوە و کارەساتیکی فاجعەبار و قەرەبوو نەکراوەی دەبیت کە شوینەوارەکانی تا سالیانی سال بەسەر ژیانی خەلکی ئەم ناوچەیەوە قورسایی دەکات.

ئیمە ویرای مەحکوم کردنی هیرشی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بۆسەر عیراق، هاو دەردی خۆمان لەگەل جەماوەری دەست تەنگ و هەژار کە دەبنە قوربانی ئەم شەرە دەردەبرین و خۆمان بە بەشیك لە بزووتنەوەی ئەو میلیونان ئینسانە دەزانین کە بە پانتایی گۆی زەوی لە دژی هەلگیرسانی ئەم شەرە هاتوونەتە مەیدان.

ئیمە گشت ئینسانە ئازادی خوازەکان، تیکوشەران و هەلسووراوانی ناوەوەی ولاتی کۆبوونەوەی هاوبەش بانگەواز دەکەین، لەگەل ئینسانە مرۆڤ دوستەکان و هیزە ئازادی خوازەکانی باقی ولاتەکانیتر، دەنگی ئیعتراز و نارەزایەتی خۆیان لەدژی ئەم شەرە مال ویرانکەرە دەرببرن و خوازیاری راوەستانی دەست بەجیی ئەو شەرە بن.

شورای هاوئاهەنگی "دانیشتنی هاوبەشی هیز و تیکوشەرە چەپ و کۆمۆنیستەکان"

٢٢ی مارسی ٢٠٠٣

## راگەیاندنی کۆمەلیك لە هونەرمەندان، نووسەران و شاعیران لەدژی شەر روو بە خەلکی جیهان.

هەروەك ئاگاداران سەرەرای نارەزایەتی بەرینی ئازادیخوازان، هەلگیرسینەرانی شەر بە بیانووی سەرکوتی دیکتاتوری سەدام، بێ سەرنج دان بە ویست و رای خەلکی جیهان، خەرمانی بوون و مافی منالان، ژنان و پیاوانی عیراقیان ئاگر تیبەرداوە.

دەنگی ئیعترازی ئیمە لە ناو شەپولی سەرشیتی شەر خوازانەی ئامریکا و هاوپەیمانەکانیدا ون بوو. بانگەوازەکان نەبیسران. مستی گرێ خواردووی موخالیفانی شەر لەبەرچاو نەگیرا. سەرنج نەدرایە رێ پیوانی میلیونی خەلك و، بوش و بلیر بە چەکی پیشکەوتوو، لە بەرچاوی پر لە ناباوەریی خەلکی جیهانەوە، دەست دریژییان کردە سەر هەست و نیست و ژیانی خەلکی عیراق.

هەموان دەزانن هەر بەو جۆرە کە حکومەتە دژی خەلکییەکان بە سەرکوتی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان دریژە بە ژیانی شومی خۆیان دەدەن، ولاتی عیراق و هەر سەرزەوییەکیتر تەنیا لەژیر سیبەری گەشەی خەباتی خەلك دەتوانی دیموکراسی، عەدالەت و ئازادی وەدەست بینێ و هەر لە بارودوخیکی ئەوتۆدا کە هەموو چاوەکان بۆ عیراق دەروانن و خەلکی جیهان نیگەرانی گیانی خەلکی بیدیفاعی ئەم ولاتەن و خەباتی لیبراوانە لە پیناو کۆتایی هینان بەشەر دریژەی هەیە، رژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە هەولدایە کە لەو هەلە کەلك وەربگرێ و بە یارمەتی و هاورێیەتی هاوپیمانەکانی لە جیهاندا، هیرش بکاتە سەر پایگاکانی ریکخراوی موجاهیدینی خەلکی ئیران.

ئیمە ویرای مەحکوم کردنی هەرجۆرە ئیقدامیکی رژیمی زالّ بەسەر ئیران و پشتیوانەکانی لەدژی ئەو هیزانەی کە روخانی رژیمیان مەبەستە، لەسەر ئەو بروایەین کە ئازادیخوازان بە چاوپوشی لە دوری، یان نزیکی بەم ریکخراوەوە دەبی لە بەرانبەر تەحەروکاتی رژیمی ئینسان کوژی کۆماری ئیسلامی لەدژی بزوتنەوەی کۆمەلایەتی و هیزەکانی موخالیفی رژیم لەوانە ریکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران (کۆمەلە) نارەزایەتی دەرببرن و لەئاست جینایاتی دیکتاتورەکان چاوپوشی نەکەن.

کۆمەلیك لە هونەرمەندان، نووسەران و شاعیران لە دژی شەر

**مینا اسدی شاعر، جەواد دادستان رۆژنامەنگار، یاوەر ئوستوار شاعر، نیلوفەر بیزایی شانو نووس و کارگەردانی شانو، ئیسماعیل خویی شاعر، ئیرج جەننەت عەتایی ئاهەنگ ساز و نمایش نامە نووس، شەهریار دادوەر شاعر، بەهرام رەحمانی نووسەر و رۆژنامەنگار، سادق قەهرەمان شاعر، بیهروز شەیدا نوسەر و رەخنەگری ئەدەبی، رەزا شەمس نووسەر، زیبا کەرباسی شاعر، حوجەت کەسرائیان نقاش، رحیم کەریمی عەکاس، عەلی فەیاز نووسەر، لەیلا قوبادی رۆژنامەنگار، مورتەزا میرئافتابی نووسەر و شاعر، ژیلا موساعد شاعر، ئیسفەندیار مونفەردزادە ئاهەنگ ساز، حسین مەهینی فیلمساز، بەهار مەحموودی نقاش، موسلم مەنسوری فیلم ساز، بەسیر نسیبیفیلمساز و لیکولەوەری سینەما**

٢٨ی مارسی ٢٠٠٣

پیشرەو

ئورگانی کومیتەی ناوەندی
سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران
( کۆمەڵە )

گۆڤارێکی سیاسی ١٥ رۆژەیە.

ئادرەس لە دەرەوەی ولات:

R . K
P . O . BOX 3015
14503 NORSBORG
SWEDEN

فاکس: 00460853184853

ئینترنیت
سایتی کۆمەڵە:
www.komalah.org
سایتی رادیۆ دەنگی کۆمەڵە:
www. Radiokomaleh.com
سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران:
www. cpiran.org

چاپ : ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەڵە

**دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران**

شەوانە: ٢١ – ٢٢

جومعە بەیانیان: ٨ — ٩

شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :

٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆ هێرتز

٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆ هێرتز

٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆ هێرتز

**دەنگی شۆرشی ئیران**

بەیانی: ٧ تا ٨

نیوەرۆ: ١٣ تا ١٤

ئێواران : ١٩ تا ٢٠

شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :

٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆ هێرتز

٦٥ میتر بەرابەر بە٤٣٨٠ کیلۆ هێرتز

٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆ هێرتز

ئادرەسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات

Communist Party of Iran:

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
C . D . C . R . I
Box 704 45
107 25 Stockholm - Sweden
Tel/Fax: 46 - 08 - 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

Representation of Komala abroad
دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات
K. K.
P.o.Box 75026
Box: 750 26 Uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46-18-46 84 93
e- mail: komala@cpiran.org

ژمارە تەلەفون و فاکس:
٠٠٤٦ – ١٨ – ٤٦ ٨٤ ٩٣

دەفتەری نوینەرایەتی کۆمەلە لە سلیمانی
Tel: 3124760 - 3125815

کومیتەی ناوەندی کۆمەلە

Tel: 0044707 - 7520 - 781
Tel: 0044707 - 7523- 966
Komalah@komalah.org